مەسرور بارزانی: لە کابینەی نەیەم ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە پلە باڵاکانی حکومەتدا زیادیکردووە



سەرکۆزیران مەسرور بارزانی رایدەگەیەنێت، "لە کابینەی نەیەم ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە پلە باڵاکانی حکومەتدا زیادیکردووە". دەشێت، "لە مێژووی گەلی کوردستاندا ئافرەتان هەمیشە ڕۆڵێکی گرنگ و پێشەنگیان هەبووە".

بەیانیی ئەمڕۆ پێنجشەممە، 21-12-2023، بە بەشداریی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ نەیەمین کۆنگرەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لژێر ناوی (هێز و توانای ئافرەت، بناغەی پێشکەوتنی ئاشتی و ئابووریی) دەستیپێکرد.

سەرکۆزیران مەسرور بارزانی لەمیانی کۆنگرەکەدا گوتارێکی پێشکەشکرد و، ئاماژەی بە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی کوردستان لە مێژووی خەباتی رزگاریی خوازی گەلی کوردستان و بەشداریی کارایان لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کرد.

مەسرور بارزانی جەختیکردەوە، "یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و شانازی هەیە لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی رزگاریی خوازی گەلی کوردستان؛ یەکێتیی ئافرەتان و ئافرەتانی کوردستان بە گشتی، هەمیشە پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوون و لە ریزی پێشەوەی

بەرگریکردن بوون لە مافە رەواکانی گەلی کوردستان".